کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-6-2007 13:41بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## یەکێتی و مەلا بەختیار بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکەیان پەلاماری یەکگرتوو دەدەن ... نەوزاد کوردستانی

لەسەر زمانی سەرۆك کۆمار (ببورن سکرتێری یەکێتی نیشتمانی) یەوە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمدا هێرشێکی ناڕەواو نادروست کرایەسەر یەکگرتووی ئیسلامیی ناوی ئەوان و لیستی ئەلعێراقیەو حزبی ئیسلامی بەجاش و خائن لە قەڵەمدا، هەرچەندە دەبوایە سەرۆك کۆمار لەهاتنەوەی لەئەمریکا لەپایتەختی عێراقەوە پێشوازی لێ بکرایە نەك لەسلێمانی و لەوی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی ببەستایە نەك لەدوکان کە ئەمە خۆی لەخۆیدا گاڵتەجاڕی و ئاست نزمی ئەو سەرکردەیە کە لەبری ئەوەی وەك سەرۆك کۆمارێك مامەڵە بکات هەندێ جار لە بەرپرسی کەرت و کۆمیتە دەچێت، ئەوەی جێی سەرنج بوو لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسیەدا بێ دەنگی مەسعود بارزانی بوو لەو مەسەلەیەدا بەکورتی هێلکەکەی بەسەری ئەودا تەقاندەوە، ئەمە یەکەم جار نییە پارتی گۆڵی لەو شێوە لە یەکێتی بکات، ئاخر ئەو دەزانێت وەك پۆل بریمەر دەڵێت حەزم دەکرد لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بکەومە دانوستان چونکە هەمیشە من سەرکەوتوو دەبووم.

پارتی پەیوەندی لەگەڵ عەلاویدا ستراتیژیە بۆیە وا بەسانایی تێکی نادات، پارتی خەتی ئێران تێدا زاڵ نییە ئاوا بە ئاسانی بەرنامەو کاری بگۆڕێت، باری سەرنجی خۆم لەمەڕ ئەو بەیاننامە هاوبەشەو لێدوانەکانی مەلا بەختیار دەربارەی بەشداریکردنی یەکگرتوو لەکۆبوونەوەکەی قاهیرەدا بەم شێوەیەدەخەمە روو:

1-قەڵسی پارتی و یەکێتی (وەك لەبەیاننامەکەدا هاتووە کە من بەگومانم لەنیگەرانی پارتی و وادەزانم زیاتر یەکێتی و لەوەش زیاتر خەتی شیعەگەرایی مەلا بەختیار ئەو بەیاننامەیان نوسیبێ) لە مەسەلەی بەشداری یەکگرتوو لەوەدا نییە کە ئەمە کارێکی موخابەراتیەو ئەمە دژ بە بەرژەوەندی کوردەو ئەم جاش و خائینی تێدایە چونکە ئێستاش ریزەکانی ئەو دوو حزبە تەی بکەی هێندەی کۆنەجاش و کۆنە موستەشاری تێدایە کە ئەوان نەبن حزبەکانیان دەروخێت، فایلدارەکان (98%) یان هی ئەو دوو حزبەیەو (پارتی و یەکێتی) یش لێیان خۆش بوون، مێژووی جاشایەتیش رەشترین و تاریکترینیان ساڵەکانی (1966 و 1996) ە کە جارێك پارتی و جارێك یەکێتی ئەنجامیانداوەو گەورەترین خیانەتیان بەگەلی کورد کردوە، کەواتە ئەو جۆرە گوزارشتانەی کە مەلا بەختیار درکاندی (ئەمانە لەگەڵ چاشدان، ئەمانە پشتگیری لەمقاوەمە دەکەن – جەلال تاڵەبانی رایگەیاند نزیکبوونەتەوە لەرێکەوتن لەگەڵ چەکمداراندا (مقاومە)، ) تەنها موزایەدەی سیاسی و بۆپشت لە ئەرزدانی بەرامبەرە ئەگەرنا لەمێژووی ئەو دوو حزبە هێندە موکەسەرات و هەڵەی سیاسی و موسامەو سازشکردن بۆدوژمنان هەیە ئەوەی یەکگرتوو لەچاویدا (ئەگەر بڵێین هەڵەیەکی سیاسی بوو) مێشێکە بەراورد بەگامێشێك.

2-مادەی (140) لەلایەن تاڵەبانییەوە فت کراوە، ئەو لە ئەمریکا رێکەوتوە کە دوا بخری، نا.. باهەرجێبەجێ نەکرێت گرنگ ئەوەیە ئەو سەرۆك بێت بەناو، هەموو کوردستانیەك دەزانێت پارتی و یەکێتی بۆکورسی و بۆپارە لەسالانی (94) وە تائێستا چیان کردو چەند خوێنیان رشت و چۆن جەیش و جاشی وڵاتیان لەکوردستاندا کرد جائێستاو بۆمانەوەی حاڵەکە واتە دوو سەرۆکی (چونکە ئەگەر سەرۆکی ئەو لا جێی لەق بێت ئەوا سەرۆکی ئەملاش حاڵی باش نابێ) مادەی (140) چییەو کەرکوك چییە؟ ئەوان هەموو کورد دەکەنە قوربانی کورسیەکەیان، جا بۆ ئەوەی بۆماوەیەك خۆڵ لەچاوی خەڵکی بکەن و مژۆڵیان بکەن باشترین کار هێرشکردن بوو بۆسەر یەکگرتو، ئەمیش بەشێوازی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

باسکردنی خیانەت و جاشایەتی چونکە ئەو موفرەدانە لەگەڵ سۆزو هەستی خەڵکدا جۆرە هەڵچون و داچونێکی دەبێت و ئەمانیش لەدوو لاوە قازانج دەکەن – بەدوو لامەست و حەیرانم – یەکەمیان خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵکی و مادەی (140) یان لەبیر دەبەنەوە (چونکە وەك دەڵێن دوژمن و جاشەکان لەبەر دەرگان) دووەمیان: جارێکی تر جەماوەری خۆیان قان دەدەنەوە، چونکە ماوەیەکە کاسەلێسەکانی وەك عەلی کوردستانی و شێرزادو نیاز سەعیدو فوئاد مجید میسری و.. هتد لە قسەکردن بەیەکگرتوو وەستاون و لەجنێودان چوونەتەوە ئەمە فرسەتێکە بۆ خۆگیف کردنەوە (پێشمەرگە دێرینەکان هەڕەشە لە یەکگرتوو دەکەن وەك ئەوەی پێشمەرگە دێرینەکان کەرکوکیان ئازاد کردبێت و هیچ گرفتێك نەمابێت یەکگرتوو نەبێت) و جەماوەر جولاندن و پەردەپۆش کردنی گەندەڵیەکان.

3-ئێران کارەکتەرێکی سەرەکی گەمەی سیاسی عێراق و کوردستانەو هەرجموجوڵێك لەدەرەوەی سیاسەتەکانی ئەوبێت بەخۆشی بێت یان بەشەڕ خۆی تێ دەخات جا یا دەبێتە یاریزانی یاریەکە یان تێکی دەدات، هەندێ باڵی ناو (ی. ن. ك) یش زۆر نزیکن لەئێرانەوە تەنانەت خودی جەلال تاڵەبانی قەناعەتی وایە دەبێت بەرژەوەندیەکانی ئێران بپارێزرێت لەعێراقدا ئەو هەنگاوەی (یەکگرتوو) وەك سەرجەم هەنگاوو جموجوڵە سیاسیەکانی تری لەژێرباڵ و بەرێنمایی ئێران و هیچ وڵاتێکیش نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی کوردی لێ ئاگادارکردبوو – کە ڕەنگە ئەگەر ڕەخنە لە یەکگرتووبگیرێت لەوەدا بێت کە زۆر پرس بەیەکێتی و پارتی دەکات و زۆر یاساییانە دەجولێتەوە لەوڵاتێکی بێ یاساو بێ دەستوردا – ئەمەش بێگومان ئێران هان دەدات دەستێك لەو گەمەیە وەردات باشترین یاریزان وگوێ لەمستیش یەکێتی و مەلا بەختیارەکانەو هەرزوو دەیانهێنێتەوە سەر گۆڕەپانەکەو بەوجۆرە بەیاننامەیان پێ دەردەکات، پێم وایە ئەمە دیارترین ئاماژەی پشت ئەو بەیاننامەیە کە لەبری ئەوەی وەێف بکرێت و بەهەڵوێستێکی نیشتمانی کوردی لەقەڵەم بدرێت دەبێت بە نزمترین ئاستی جاشایەتی بچوێنرێت چونکە ئیرادەی کوردستانی و تەبایی بوون و پاراستنی باری کۆمەلایەتی و هێمنی کوردستانی تێدا نییەو هێمایە بۆ شێواندن نەك بەیەکەوەژیان کە باشترین پێناسە بۆجاشایەتی ئەمەیە.

لەکۆتاییدا دەبێژم بەداخەوە خەڵکی ئاسایی لەهەندێ گەمەی سیاسی ناگات و پارتی و یەکێتی یاری بەعەقڵی جەماوەری کوردستانەوە دەکەن و هەرکات ویستیان سازشێك بکەن کە شتێکی وا دەخولقێنن کە خەڵکی بڵێن بەقوربانە ئەم پرسە چارەسەر بکەن گرنگ نییە ئەویتر چی بەسەردێت، هەموو هۆشیارێك دەزانێت چوار سەعات کۆبوونەوەی دوکان و پێنج سەعات کۆبوونەوەی پیرمام بۆ دەرکردنی بەیانێك نەبوو لەسەر (یەکگرتوو) بەڵکو ئەو کۆبوونەوانە سازش نامەی تێیدا ئیمزاکرا و مادەی 140 خۆمان خۆش، بەڵام بەبەیاننامەیەك لەسەر یەکگرتوو پەردەپۆش کرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.